وەك یەكسانی لەبەردەم یاسادا.

یەكسانی لەوەرگرتنی كریَ.

یەكسانی لە مافە سیاسیەكان وەك : مافی خۆ كاندید كردن ودەنگدان، وبەژداری كردن لە حوكم.

داوا كردنی مافە كۆمەلآیەتیەكان وەك مافی خۆ تەلآقدان ودایەنی كردنی مندالّ. . . هتد.

كەوابوو چوارچیَوەی مەرجەعیەتی سەرەكی (بزاڤی ئازادیخوازی ئافرەتان) تیَروانینیَكی مرۆڤایەتییە، كە سنوریَك دادەنیَت لە نیَوان مرۆڤ وسروشت، بۆیە ئەو بزاڤە، باوەڕی بە زۆر لە چەمكە جیَگیرە مرۆییەكانی، پەیوەست بە رۆلّی ئافرەت لە كۆمەلّدا هەیە، كە گرینگترینیان رۆلّیَتی وەكو دایك، وگرنگی خیَزان وەك دەزگایەكی سروشتی بۆ هیَنانەدی ناوەرۆكی مرۆیی خۆیان، وشورایەك بۆ پاراستنی ناسنامەی ژیاری ورەوشتی، بەرز نرخاندنی رۆلّی ئافرەت وەك برِبرِەی پشتی ئەو دەزگایە.[1]

بەو جۆرە (بزاڤی ئازادیخوازی ئافرەتان) پیَی دانەگرت لەسەر داواكاری ناماقوولّ وناواقیعیانەی كە قابیلی پیادەكردن نەبن، هەلّنەدیَرا بۆ گۆرەپانی ئەزموونی بیَ برِانەوە ودوور لە هەمموو سنووریَكی مرۆیی ومیَژوویی ورەوشتی.

ئەوە بوو بەكورتی چوارچیَوەی مەعریفی وژیاری بزاڤی ئازادیخوازی ئافرەتان.

پاش بازدانی ژیاری رۆژئاوا لە خانەی هیومانیزم بەرەو میكانیزمی ماددی، وپیَداگرتن لەسەر بەها مادیەكان لەسەر حیسابی بەها مرۆیی ومەعنەویەكان، وبایەخدان بە كاری بەرهەمهیَنانی دەرەكی (بەرهەمی مادی) ، لەسەر حیسابی بەرهەمهیَنانی ناوەكی (بەرهەمهیَنانی مرۆڤی دروست) ، وپشت لیَكردن لە هەمموو ئەو بەهایانەی كە مرۆڤایەتی لەوەتی هەیە كۆكن لەسەر ریزلیَگرتن وپیادەكردن وپاراستنیان.

فیَمینیزمیش گوزارشیَكی سروشتی ئەو وەرچەرخانە بوو كە لە ژیاری خۆرئاوا روویدا.

بۆیە فیَمینیزم هەردەم پیَ دادەگریَت لەسەر بیرۆكەی ئەو جیاوازیە قولآنەی لە نیَوان پیاو وئافرەت هەن، ولە تیَروانینیَكی كیَشە ئامیَز ودوانەوە سەرچاوە دەگریَت : (من وئەویتر) ، وەك بلّیَی هیچ مەرجەعیەتیَكی هاوبەش لە نیَوانیان نەبیَت، یان هیچ مرۆڤایەتیَكی جەوهەری هاوبەش لە نیَوانیان نەبیَت، بۆیە رۆلّی دایك لەو تیَروانینە دەپوكیَتەوە، خیَزانیش وەك دەزگایەك هیچ قودسیەتی نامیَنیَت، ودەبیَتە بارگرانییَكی خویَنتالّ، كە هەرگیز كەس پیَی تەحەمول نەكریَت.

فیَمینیزم بزاڤی ئافرەتانی وەرچەرخاند لە خەباتكردن لە پیَناو بیرۆكەی مافە مرۆیی وكۆمەلآیەتی وئابووری وسیاسیەكانی ئافرەت بۆ بیرۆكەی ناسنامە، ولە تیَروانینیَكی تایبەت بە مافەكانی ئافرەت لە كۆمەلّگای مرۆڤایەتی بۆ تیَروانینیَكی مەعریفی ئەنترۆپۆلۆژی كۆمەلآیەتی هەمە لایەن تایبەت بە كیَشەگەلیَكی وەك رۆلّی ئافرەت لە میَژوو ودەلالەتی میَینەیی ئەو هیَمایانەی كە ئادەمیزاد بەكاریان دەهیَنیَت.

فیَمینیزم لە تیَروانینیَكی دەبەریَك چوونیەوە سەرچاوە دەگریَت، بۆیە میَژووی مرۆڤایەتی لەو تیَروانینە دەبیَتە دەبەریَك چوونیَكی ئەزەلی نیَوان ئافرەت وپیاو، وزالّبوونی پیاو وهەولّی بیَ وچانی ئافرەت بۆ رِزگار بوون لە ژیَر چنگی!

بیَگومان مەهاباد خان لە نوسینیَكی تری لە ژیَر ناوی ( بناغەكانی فیَمینیزم وئەنتی فیَمینیزم) باسی چەند قوتابخانەیەكی سەرەكی فیَمینیزم دەكات، بەلآم باسی چەند قوتابخانەی تریش ناكات، چونكە دەزانیَت، كاردانەوەی مرۆڤی دروست وئاسایی تەنها بیَزاندن وقیَز لیَبونەوە دەبیَت، لە دژی ئەو بیرۆكە لادەر وگەندەلآنەی كە مەرجەعیەتی تاكرِەوانەی فیَمینیزم دروستی كردوون. ئەوانەشی كە باسیان دەكات، زۆر سادە هیَلّە سەرەكیەكانیان دەخاتە روو، بیَئەوەی لایەنە ترسناككانیان بخاتە روو.

با پیَداچوونەوەیەك بكەین بەو قوتابخانانەی باسی كردوون، وبەكورتیش باسی چەند قوتابخانەیەكی تریش بكەین كە رۆلی بەرچاویان هەیە لە گۆرەپانی فیَمینیزم.

**فیَمینیزمی رادیكالّ**

ئەو قوتابخانە یە ترسناكترین قوتابخانەی فیَمینیزمە، وبەرای من بەشی هەرە گەورەی فیَمینیستانی جیهان لە خیتابی فیكریان پەیرەو لەو قوتابخانە یە دەكەن، یان كوتونەتە ژیَر كاریگەری ئەو قوتابخانە یە، بە ئاگایی بیَت یان بیَئاگایی. زۆر لە

[1] سودم لە نوسینی : النسوية التمركز حول الأنثى، أ.د. عبدالوهاب المسيري وەرگرتوە.



www.kurdistannet.org

